www.kurdistannet.org
15-3-2003 23:14

# پارتی و "ینك" له ئه‌نقه‌ره، یان كوردستان یان كورد نه‌مان

هشام ئاكره‌یی

به‌ره‌نگاربوونه‌و چالاكی و هه‌ڵوێستی گه‌لی كوردستان و پارته‌كوردستانیه‌كان به‌رامبه‌ر به هه‌ڕه‌شه‌كان و پلانی توركیا بۆ داگیركردنی ڕاسته‌وخۆی باشووری كوردستان، گه‌یشته ئاستێكی ترسناك و ئه‌م مانگه وبه‌تایبه‌ت ئه‌م ده ڕۆژه‌ی داهاتوو، چاره‌نووسی و پاشه‌ڕۆژی ئه‌و هه‌رێمه ده‌ستنیشان ده‌كه‌ن.
ڕاگه‌یاندنی سه‌ره‌ك وه‌زیران و وه‌زیری كاروباری ده‌ره‌وه و چه‌ند به‌رپرسیارێكی تری توركا، وه‌ك بروسكه‌و بوومه‌له‌رزه‌یه‌كی كاولكارانه كاری كرده سه‌ر گه‌لی كوردستان و به هه‌موو چین و توێژه‌كانیه‌و دژ به‌و بڕیار و نیازه‌گڵاوه ڕاوه‌ستان له ده‌ره‌وه و ناوه‌وه‌ی كوردستان. ئه‌م ڕاپه‌ڕین و ڕه‌دكردنه‌وه و به‌گژاچوونه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ر و هێزه‌كوردستانیه‌كان به‌رامبه‌ر توركیا، كاردانه‌وه و ئه‌نجامێكی باشیان هه‌بوو و هه‌یه. له‌وانه، ناچاربوونی ئه‌مریكا ڕاسته‌وخۆ نیازی خۆی ده‌ریاره‌ی هه‌ڕه‌شه‌كانی توركیا ده‌ربڕێ. ئه‌مریكا ماوه و ڕێگا به توركیا نادات هێزه‌كانی بباته ناو خاكی باشووری كوردستان به بێ ئاگاداری و ته‌نسیف له گه‌ڵ ئه‌مریكا. به‌ر له‌و خۆپێشاندانانه و نه‌ڕازیبوونانه، ئه‌مریكا ڕێگای به له‌شكری توركیای دابوو بڕواته ناو باشووره كوردستان. هه‌ر وه‌ها ئه‌مریكا به‌ڵێنی ئه‌وه‌شی داوه جارلكی تر فێڵ له كورد نه‌كات و كورد نه‌فرووشێت به ولاتانی تر. بریتانیاش به زمانی تونی بلێری سه‌ره‌ك وه‌زیر وتی كه‌وا ئه‌وان ڕێگا ناده‌ن توزكیا باشووری كوردستان داگیربكات. ئه‌وه جگه له ناڕه‌زایی چه‌ندین وڵاتی بری ئه‌وڕپایی و ئاگاداركردنی توركیا له لایه‌ن چه‌ندین وڵاتی تره‌وه به ڕێگای په‌یوه‌ندی نه‌رم و نهێنی دیبلوماسییه‌وه.
فشاری گه‌ل و پارت و ڕێكخراو و كه‌سایه‌تیه كوردستانیه‌كان و ئه‌مریكا و ئه‌وروپا، كاری خۆیان كرده سه‌ر توركیا. ئه‌وه‌بوو سه‌ره‌ك وه‌زیرانی پێشووی توركیا عبدالله غول كه بڕیاره ببێنه وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی حكومه‌تی داهاتووی توركیا به سه‌رۆكایه‌تی ئه‌ردوغان، نامه‌یه‌كی ئاراسته‌ی به‌ڕێز بارزانی كرد، تیایدا هه‌وڵی داوه بارودووخه‌كه هێمن بكاته‌وه و به شێوه‌یه‌كی ئاشتیانه و گفتوگوو كێشه‌كان چاره‌سه‌ربكه‌ن. ئه‌م كاره‌ی حوكمه‌تی توركیا كه خوای نه‌مابوو له به‌ر سووتاندنی ئاڵاكه‌یان له خۆپێشاندانه‌كانی ئه‌م دوایه‌ی باشووری كوردستان، نیشانه‌ی ئه‌وه‌یه كه له ژێر فشارێكی گه‌وره و گراندایه **و به بێ ڕازیكردنی لایه‌نی كوردی، ناتوانێ یان بۆی نیه بڕواته ناو باشووری كوردستان**. و توركیا پێی ناكرێت له دوو به‌ره‌وه شه‌ڕ له گه‌ڵ كورد بكات. به‌تایبه‌ت له دوای داخستنی پارتی "هه‌ده‌پ" ی كوردی له توركیا.
پرسیاری هه‌ره‌گرنگ ئه‌وه‌یه. ئایه ئه‌وه‌ی به هه‌ڕه‌شه و فشاری سه‌ربازی به توركیا نه‌كرا، ده‌توانێ به گفتوگوو و فێڵی سیاسی بیكات، یان نا؟
ئێستا توركیا ده‌یه‌وێ له گه‌ڵ كورد دابنیشێ و بڕیاره له چه‌ند ڕۆژی داهاتوو له ئه‌نقه‌ره كۆببنه‌وه تا وه‌كوو بگه‌ن به ڕێكه‌وتنێك.
توركیا سووره له سه‌ر هاتنی له‌شكره‌كه‌ی بوو باشووری كوردستان و بۆ ئه‌و مه‌به‌سته هه‌ندێ گۆڕینی له داواكاریه‌كانی ڕاگه‌یێنراوی خۆیدا كردوه. به تایبه‌ت ئه‌و داواكاریانه‌ی به هیچ شێوه‌یه‌ك په‌سه‌ند ناكرێن له لایه‌ن پارتی و یێكێتییه‌وه. وه‌ك له چه‌ككردنی ڕاسته‌وخۆی ئه‌و هه‌ردوو پارتانه له لایه‌ن له‌شكری توركیاوه و له جیاتی ئه‌وه كاتێكی دواتر له لایه‌ن ئه‌مریكاوه چه‌ك بكرێن. هه‌ر وه‌ها ئێستا توركیا باسی پاراستنی ڕاسته‌وخۆی توركمانه‌كان ناكات وه‌ك هۆ بۆ هاتنی و ده‌ڵێت كه ده‌بێ مافه‌كانی توركمانه‌كان له دستووری ده‌وله‌تی عێراقدا بپارێزرێن. توركیا ده‌گوت ده‌بێ هێزه‌كانی ئه‌و، دووبه‌قه‌د هێزی ئه‌مریكا بێ له باشووری كوردستان. ئێستا توركیا باس له ژماره ناكات.
ئه‌م خاڵانه ناتوانین به گۆڕانكاری له ناوه‌ڕۆكی پیلان و داواكاریه‌كانی توركیادا دایبنێین. به‌ڵكوو هه‌مان داواكارین و ده‌یه‌وێ به شێوه‌یه‌كی سیاسی و ڕه‌زامه‌ندی لایه‌نی كوردی چێبه‌چێ بكات و به‌و شێوه‌یه هه‌زاران سه‌ربازی خۆی بیهێنته ناو خاكی باشووری كوردستان و ئه‌و كاته هه‌موو نیاره گڵاوه‌كانی، جێبه‌چێ ده‌كات وكوردستان ده‌كاته

قوبرس كه ئەوه زياد له ۲۸ ساڵه داگيريكردوه و لەوێ دەرناكەوێت، له گەڵ ئەوەی خەڵكی گرئاوەكه هەموويان دەيانەوێ يەكبپرنەوه.

بەم شێوەيه هەر دانيشتنێک له گەڵ توركيا ورێكەوتن له سەر هاتنی ژمارەيەک له لەشكرەكەی بۆ ناو خاكه باشووری كوردستان، واتای رێكەوتنه له سەر هاوكاری سەربازی و دانانی نەخشه و دابەشكردنی ئەركەكان و سەربازگەو يەكينەكانی لەشكری توركيا دەستنيشان دەكرێن و ڕازی بوونه له سەر داگيركردنی كوردستان و هەموو داواكاريەكانی توركيا پەسەند دەكرێن.

**بۆيه نابێ لايەنی كوردی به هيچ شێوەيەک ڕازی بێ له سەر هاتنی لەشكری توركيا بۆ ناو خاكی باشووری كوردستان.** ئەگەر ئەمريكا سووره له سەر هاتنيان، با برۆن بەغدا و شارەكانی تری عەرەبی عيراق رزگار كەن. ئەگەر ئەمريكا بەرگريكردنی نا بەجێی توركيا بۆ توركمانەكان ڕەوا دابنێت، ئەوه دەبێ ئەمريكا بەرگريكردنی كوردی باشوور له كوردەكانی بەشەكانی تری كوردستان، به ئەرک دابنێت نەک تەنيا ڕەوا، و ئەو مافانەی ئەمريكا داوايان دەكات بۆ توركمانەكان له عێراق، هەمان ماف بۆ كوردی باكووری كوردستانش دابين بكات و له سەر توركيا فەرز بكات. چونكه كورد ڕۆژانه له توركيا دەكوژرين و پارتەكانيان قەدەغەدەكرێن، بەڵام ئەو توركمانانەی له بەشه رزگاركراوەكەی باشووری كوردستان دەژين هەموو مافێكيان هەيه.

به هيچ شێوەيەک نابێ تەنازول و سست بين بەرامبەر هەڕەشەكان و ئەم ڕاپەڕينه تازەيەی گەلی كوردستان به دوو بەڵێن و قسەی ناتەواو و درۆ بيفرۆشين. ئەم بارودووخه ناسكەی هەرێمەكه تيايدا دەڕوات، ئەگەر توركيا هەوڵ بدات بووخۆی بقۆزتەوه، ئەوه هەمان بارودووخ بوو كورد لەبار تره و هەمان بارودووخ وای كرد ئەمريكا و توركيا نەخشه سياسيه و سەربازيەكانيان بەرامبەر بەكورد بگۆڕن. ڕۆدانی هەر شەرێكی لابەلای نێوان كورد و توركيا، بەر دەستپێكردنی شەڕی نێوان ئەمريكا و ڕژێمی عێراق، دەبێته هۆی ناڕەزايەكی گەڕەی وڵاتانی ئەوروپا و هەتا بريتانيا و ئيسپانياش كه دوو دووستی تاقانەی ئەم شەڕەی ئەمريكان.

ڕاسته ئەركی سەرەكی ئەم بەرەنگاربوونەوه دەكەوێته سەر شانی جەماوەر و گەلی هەموو بەشەكانی كوردستان. هەروەها پارتی ديموكراتی كوردستان وەک هێزێكی سياسی و پێشمەرگەيی زياد له هەر پارتێک و ڕێكخرێكی تری كوردستان، ئەركی ئەم بەرەنگاربوونەوەی له سەره. چونكه "يەنک" هەر له سەرەتاوه ڕايگەياند كەوا ئەوان ڕازين له سەر هاتنێكی سنووورداری لەشكری توركيا وەک بەشێک له هێزی هاوپەيمان و به ڕێكەوتن له گەڵ ئەمريكا، سەرەڕای ئەوه نابێ كورد خۆی به لاواز بزانێ. دەڵێن ٩٤% خەڵكی توركيا دژی شەڕن و لەبەر ئەوه پەرلەمان داوای كردنەوەی خاكی توركيا بۆ سەربازەكانی ئەمريكا، پەسەندی نەكرد، هەر له بەر هەمان هۆ نابێ پارتی و "يەنک" ڕازی بن له سەر هاتنی لەشكری توركيا بۆ باشووری كوردستان. چونكه زياتر له ٩٨% كورد دزی هاتنی لەشكری توركيان. هەد لايەنێكيش ڕازی بێت با چاوەڕوانی هەڵبژاردنەكانی داهاتووی كوردستان بێت.

له كۆتاييدا دەڵێم ئەگەر كورد درێژه به چالاكيەكانی خۆيان بدەن و سوور بن له سەر هەڵوێستی ڕاگەێنراوی بارزانی و هەڵوێستی سياسەتمەداران و ڕۆشەنبيرانی بسيووری كوردستان، له كوبۆنەوەی چاوەڕوانكراوی ئەنقەرەی چەند ڕۆژی داهاتوو، ئەوه كورد سەركەوتنێكی سياسی گەوره به دەستەوه دێنێن و فێدرالی باشوور دەبێته ڕاستی. ئەگەر ڕازيش بوون له سەر هاتنی لەشكری توركيا ئەوه ئەزموونی دوانزده ساڵەمان پەكی دەكەوێت و لەوانەيه شەڕی براكوژی و شەڕی هێزەكانی هەموو بەشەكانی تری كوردستانيشمان پێ بكەن.

karzan@spray.se

تێبينی كوردستان نێت:
ئەم نووسينه دەربڕينی بيروبۆچونی خاوەنەكەيەتی، كوردستان نێت له ناوەڕۆكەكەی بەرپرسيار نييه. ٧-٣-٢٠٠٣